**هەڕەشەکانی تورکیا: دابڕانی سەرکردایەتی سیاسی لە کۆمەڵی کوردستان**

**دکتۆر ڕێبوار فەتاح**

سەرکردایەتی سیاسی کورد چەند هەڵوێستێکی نەگۆڕی، لە بەرانبەر لەشکرکێشی تورکیا، وەرگرت، کە پۆزەتیڤ بوون. لەوانەش شەڕی خۆکوژیان ڕەفزکرد؛ داوای چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کوردیان کرد لە تورکیادا؛ و ئامادەیی خۆیان بۆ جەنگی دژی هێرشی تورک دەربڕی. هەڵبەت ئەم هەڵوێستانە وەک هەڵوێستێکی یەکگرتووی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان نەبینران، بەڵکو هەڵوێستی سەرۆکی هەرێم بوون. کتومت بە پێچەوانەی تورکیاوە. با بە زۆری زۆرداری لەشکریش بووبێ و پەرلەمان پرسەگورگانەی پێکرابێ، بڕیاری لەشکرکێشی بۆ باشوور لەلایەن پەرلەمانی تورکیاوە درا. سەرۆکی هەرێمیش نەرمتر هاتەپێش تا هەڵوێستی پێشتری کە باشووری دەکرد "بە گۆڕستانی لەشکری تورک". ئەم هەڵچوون و داچوونەش لە هەڵوێسدا نیشانەی ئەوەیە کە کورد ستراتیجیەکی نەتەوەیی نیە و؛ زۆرتر سیاسەتی بەگوێرەی پێویستی ڕۆژ و هەڵوێستی بەرانبەرەکەی دادەڕێژێ. بەپێچەوانەی تورکیاوە، کە سیاسەتێکی تۆکمە داڕژراوی بەرانبەر مەسەلەی کورد هەیە: کورد نابێ هەبێ. خۆ گەر هەشبوو دەبێ بە تێرۆریست نێوزەند بکرێ. ئەمە هەڵوێستی تورکیا بووە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە کە کورد نەیتوانیوە لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیدا نێوزەندی بکا. تورکیا نایشارێتەوە. بەردەوم کار لەسەر ئەوە دەکا کە نابێ یەکەیەکی سیاسی کوردستانی لەسەر ئەم زەمینە دامەزرێ، چونکە، بە بۆچوونی تورکیا، ڕێگر دەبێ لە ستراتیجی لەنێوبردنی کورد لە تورکیادا. ئەمە ستراتیجی نەتەوایەتی دەوڵەتی تورکیایە، کە هەرگیز نەیشاردووەتەوە و شەرمن نیە لە دەربڕینیدا.

دیارە تورکیا شکستی هێنا لەو بڕیارەیدا کە گوایە هەرێمی کوردستان داگیر دەکا. خۆ ڕەنگە هەڵوێستی تورکیا هەر لە سەرەتاوە بۆ داگیرکردن نەبووبێ، بەڵکو جەنگێکی سایکۆلۆجی بووبێ بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی کورد لە باشووردا. لەم ڕووەوە تورکیا سەرکەوتو بوو. بۆ نموونە، تورکیا ئارامی باشووری تا ڕادەیەک شێواند؛ دانیشتوانی خستە دڵەڕاوکێ؛ و سەلماندیەوە کە دەتوانێ ڕێگر بێ لە دامەزراندنی هەر یەکەیەکی سیاسی کوردستانیدا. هەڵبەت تورکیا دەزانێ بەم هەڕەشانە کورد لە ئەقڵیەتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانی دوور دەخاتەوە. ئەوەتا حزبە دەسەڵاتدارەکانی باشوور خۆیان دەیانەوێ قنیات بە گەلی کوردستان بکەن کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی ئەستەمە. پاسەواریشیان هەڕەشەی وڵاتەکانی ناوچەکەیە. حزبەکان نایانەوێ ددان بەوەدا بنێن کە ئەوان لە ئاستی سەرکردایەتی مەسەلەی کوردستاندا نین.

خۆ ڕەنگە هەڕەشەکانی تورکیا کاریگەر بن لە دوورخستنەوەی بەستنی کۆنتراکتی ئابووری، بەتایبەتیش نەوت، لەگەڵ حکومەتی کوردستاندا. ئەو هەوڵە کەمەش کە هەبوو بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستووری عێراق، تورکیا توانی بیشێوێنێ. بۆ نمونە، ئەوەتا ئێران و سوونەی عەرەب ئەم هەڵەی تورکیایان قواستەوە بۆ داواکردنی دواخستنی جێبەجێکردنی مادەکە. لەسەر هەموو ئەمانەشەوە، تورکیا توانی هەرێمی کوردستان بخاتەوە باخەڵی عێراق. هەرێمی کوردستان هانای بۆ بەغداد برد لەم قەیرانەدا و سەرکردایەتی سیاسی کورد جەختیان لە عێراقیبوونی کوردستان کرد. ئەمەش ئەوەی دەرفەتێکی نوێی بۆ حکومەتی عێراق ڕەخساند لە لەقکردنی حکومەتی کوردستان و ملکەچکردنی سەرکردایەتی کورد بۆ گەڕاندنەوەی کورد بۆ ژێر باڵی بەغدادی عرووبە. تورکیاش ئەمەی دەویست.

کورد دەیتوانی هەڵوێستێکی کاریگەرتر وەربگرێ و بە شێوازێکی تر بچێتە پێشەوە. کورد نەیتوانی وەک حکومەت و پەرلەمان دەربکەوێ؛ بەڵکو چەند کەسێک لێرە و لەوێ هەندێک گوتاریان دا، بەڵام پەرلەمانی کوردستان هیچ ڕۆڵێکی کاریگەری نەبوو، چاوەنواڕی زاری سەرۆکی هەرێمی دەکرد. هیچ هاوئاهەنگیەک لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و بلۆکی کوردستانیدا لە پەرلەمانی بەغداد نەبینرا. ڕاستەکەی ئەز هەستم بە بوونی بلۆکێکی پتر لە 50 ئەندام لە پەرلەمانی عێراقدا نەکرد. جارێکی تریش بۆم دەرکەوتەوە کە بلۆکی کوردستانی لە حکومەت و پەرلەمانی عێراقدا وەک کوردستانی ڕەفتار ناکەن و کاریگەریان لە کێشەی کورد و پارێزگاری کوردستاندا لەجێی نەبوونە. حزبەکان خۆشیان پاسەواریان بۆ ئەم هەڵوێستە هەیە: پەرلەمانتارە کوردستانیەکان لە بەغداد وەک

عێراقی لەوێن، نەک کوردستانی. با واز لە پووچی ناوەرۆکی ئەم بیرۆکەیە بهێنم؛ هەڵبەت دەپرسم کە بۆچی عەرەبەکان، وەک شۆڤێنی ڕەوتار دەکەن و هەردەم لە هەوڵدان بۆ سووککردنی مەسەلەی کوردستان. ئەی ئەوان بۆ وەک عێراقی لەوێ نین؟ ئایا مادەی 140 مادەیەکی دەستووری عێراق نیە، کە عێراق خۆی دەنگی پێداوە؟ ئەی بۆچی لە خەباتێکی سەرسەختدان بۆ جێبەجێ نەکردنی و بێنرخکردنی؟ هیچ مێکانیزمێکی نووسراو یان بیستراوش نابینم کە بلۆکی کوردستانی لە بەغداد و پەڕلەمانی کوردستان هاوئاهەنگ بکا.

هەنگاوی کاریگەر دەکرا بنرێ. بۆ نمونە پەڕلەمانی کوردستان دەیتوانی شاندی خۆی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە تایبەتیش پەڕلەمانی ئەوروپا و ئەمەریکا، بنێرێ بۆ دەستخستنی پشتگیریان لە کورد. بلۆکی کوردستانی دەیانتوانی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لە پەڕلەمانی عێراقدا ڕابگەیەنن. خۆ گەر لایەنە عەرەبەکانی عێراق بەشداریان نەکردایە، لایەنی کوردستانی دەیتوانی بە تەنیا خۆیان کۆبوونەوەیەک لەسەر کێشەکە ڕێکبخەن و عێراق بخەنە قەیرانەوە.

سەرکردایەتی کورد نەیتوانی لە کرۆکی کێشەکە بدا. لە کێشەی پککدا، هەرێمی کوردستان تاوانبار نیە، قوربانیە. تورکیا تاوانبارە. ئەمە کێشەی نەبوونی دیمکراسی و مافەکانی نەتەوە و مرۆڤی کوردە لە تورکیادا کە هەڵپرژاوەتە ناو خاکی باشوورەوە. خۆ گەر کوردی باکوور بیانتوانیایە نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتدا؛ ئەوا پکک بڕوا ناکەم ببوایە؛ خۆ گەر بشبووایە، کاریگەر نەدەبوو لە کێشەی باکووری کوردستاندا. بەڵام لە تورکیایەکدا کە کورد، نەتەوەیەکی 25 ملیۆنی، هیچ مافێکی نەتەوەیی و مرۆڤی نەبێ، دیارە کوردێکی زۆر پکک بە نوێنەری خۆیان دەزانن، چونکە پکک تاکە هێزێکی کوردستانی کاریکەرە کە جەخت لە ناسنامەی کوردستانی دەکا لە تورکیادا. هەر کاتێک تورکیا توانی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێ کە پەڕلەمان و حکومەتی هەڵبژێراوی خۆی هەبێ؛ و پکک هێشتا لە دەری ئەو یەکە قانوونیە مایەوە، ئەوا پکک خۆی دەپوکێتەوە؛ پێویست بە پەلامار ناکا. بەڵام تورکیا نایەوێ مەسەلەی کورد لە کێشەی پکک جودا بکاتەوە، چونکە تورکیا لەوەدا سەرکەوتوو بووە کە پککی خستووەتە لیستی تێرۆری ئەوروپا و ئەمەریکاوە. تورکیا دەیەوێ مەسەلەی هەموو کورد بە کێشەیەکی تێرۆرەوە ببەستنەوە. لەوەش دەچێ کە پکک خۆیشی، بەئاگا یان بێئاگا، هاوکاری تورکیا کردبێ. نەتەوەی کورد سەرکەوتوو نابێ گەر هاوئاهەنگی لەنێوان کوردی پارچەکانی کوردستاندا نەبێ.

لە قەیرانی لەشکرکێشی تورکیادا، پارتی کرێکارانی کوردستان (پکک) بەشداریەکی پۆزەتیڤانەی کوردی باشووری نەکرد. لەلایەک کێشەکەی قووڵترکردەوە بە کوشتن و بە دیلگرتنی چەند سەربازێکی لەشکری تورکیا، کە زۆر نابەجێ بوو، بە تایبەتیش لەو کاتەدا. لەوە دەچوو کە پکک بیەوێ پاسەوار بدات بە لەشکری تورکیا و بیەوێ بیسەلمێنێ بۆ جیهان کە مەترسیەکی ڕاستەقینەیە لەسەر ئاسایشی تورکیا؛ نەک ئەوەی کە هێزێکی سیاسیە کار بۆ ئارامی ناچەکە دەکا. لەلایەکی ترەوە، پکک هیچ پرۆتێستێک یان ڕێپێوانێکی ئاشتیانەی کاریگەری لە باکووری کوردستان یان لە ئەوروپادا ڕێکنەخست، کە دەکرا پشتگیریەکی مەزن بێ بۆ کوردی باشوور و کاریگەر بێ لە ڕەواندنەوەی هەڕەشەکانی تورکیا. ئەمە لەکاتێکدا کە پکک، بۆ نموونە، بۆ ئازادکردنی سەرۆکەکەیان، سەدان هەزار کەس کۆدەکەنەوە. دەبێ بپرسین کە بۆچی پکک ئەم هەڵوێستە نابەجێیەی وەرگرت.

سەرکردایەتی سیاسی باشووریش خۆی لە قەیراندایە؛ دیارە هەرگیز سەرکەتوو نابێ ئەگەر سەرکردایەتیەکی پەسەندکراوی کۆمەڵ نەبێ، دەسەڵات بە دەستگا نەکرابێ، قانوون باڵادەست نەبێ و گەندەڵی لە ڕگوڕیشەوە هەڵنەکەندرابێ. لە کاتێکدا کە کەلێنی نێوان کۆمەڵی باشوور و سەرکردایەتیە سیاسیەکەی دەگاتە بارێکی لەق، سەرکەوتنی سەرکردایەتی کوردستان ئەستەمە. سەرکەوتن بە پشتگیری کۆمەڵ دەبێ؛ لە ئاسمانەوە دانابەزێ. سەکردایەتی سیاسی پەیوەندی بە کۆمەڵی کوردستانەوە دۆڕاند بە گەندەڵی. هەڵبەت دەبێ باجەکەشی بدا.

ئێستا سەرکردایەتی سیاسی کورد خۆی لە چەندین جەمسەری ناکۆک بەیەک پێکهاتووە؛ هەموو جەمسەرێکیش خاوەنی دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆی خۆیەتی، هەر لە دەستگای میدیاوە خاوەنێتی تا بە گروپ و باندی خۆی

دەگا، جا ئەم باندانە داپڵۆسەر بن یان ڕۆشنیری. سەرباری ئەمەش، ئەمڕۆ، جگە لە چەند دانیەک نەبێ، هیچ دەستگایەکی ڕۆشنیبری کوردستان نیە سەر بە جەمسەرێکی سیاسی ناو حزبەکان نەبێ. بگرە هیچ دەستگایەکی کوردستان نیە، جا زانکۆ بێ یان ئاسایش، کە بە ڕێکەوتن لە نێوان ئەم جەمسەرانەدا فرمانبەرەکانیان دانەمەزرابێ؛ جا گەر ئەم فرمانبەرە فەراشێک بێ یان بەڕێوەبەرێکی گشتی. مەسەلەی نەتەوەیەک بەمجۆرە ناچێتە پێش. ئەمە زۆرتر لە بازاڕی فرۆشیاری دەستگێڕ دەچێ کە هەریەکەیان بۆ قازانجی ڕۆژانەی خۆیان کار دەکەن؛ نەک دەسەڵاتێکی سیاسی–کۆمەڵایەتی کە کاری بەروپێشبردنی مەسەلەی نەتەوەیەکە لەگەڵ بەرجەستەکردنی خۆشگوزەرانی و بەختەوەری کومەڵ.

دابڕانی کۆمەڵی کوردستان لە سەرکردایەتی سیاسی لەسەر مەسەلەی کورد زۆر دەکەوێ. تەنیا ڕێیەک بۆ ئارامی و سەقامگیردنی کوردستان، بەرجەستەکردنی دیمکراسی، مافی مرۆڤ و باڵادەستکردنی قانوونە. بەمجۆرە سەرکردایەتی کوردستان هەم کۆمەڵی کوردستان دەکاتە پاڵپشتی خۆی، هەم ڕێزی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەباتەوە.